www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:15 16-10-2006

## (نه دبوايه من بينوسم حەمه سەعيد گيان) ... سەعدوڵلا برايم خان

ئەم نوسینەی من دەینوسم ئەرکی ناوەند گەلێکی تر بوو. دەبوایە هەر لە شاری سلێمانیەوە تینەپەرێت. هەوڵی تیرۆر کردنی نووسەر (حەمە سە عید) ناتوانین بە تەنها شوناسیکی تاکە کەسی پی بدەیت. رونتر بڵێین تەنها تیرۆر کردنی (حەمە سەعید) نیە، بەڵکو تیرۆر کردنی شوناسی رۆشنبیرو نووسەرە. بی دەنگی لە ئاست رووداو گەلێکی وا دەربڕی لە دەستدانی شوناسی رۆشنبیرییە، دەبوایە یەکەم دەنگ کە بەرز دەبووە لە چایخانەی شعب بووایە لە سلێمانی، چونکە تاکو ئێستا چایخانەی شعب هەروەها ناوەندگەلێکی تریش خویان بە سەکۆ و لانەی نووسەرو رۆشنبیران دەزانن، دەبوایە یەکێتی نوسەران، سەندیکای رۆژنامەنوسان بە تایبەتی ئەم دوو دەزگایە هەڵویستکی جدیان وەر گرتبایە، چونکە (حەمە سەعید) لە دەسپێکی نوسینە کانی دا هەوڵی داوە ئەم بتانە بشکنێت کەوا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە سیاقیکی مێژوییدا پنتەکانی لەسەر دامەزراندوە، لای (حەمە سەعید) هیچ کەسیك بە سەر کردە کاریزماکانیشەوە لە سەرووی رەخنەوە نەبووە، زۆر بوێرانە هەوڵی داوە ئەند ێشەکانی، پریسیارەکانی، خەمەکانی، لە رێگای ئەدەبیاتی گاڵتە جارییەوە پەخش بکات، من (حمە سەعید یش) لە سەرووی رەخنەوە نابینم، بەڵام پرسیاری جددی ئەوەیە بۆ چی لەکاتیك دا (حەمە سعید حەسەن) هەوڵی تێرور کردنی دەدرێت و تاوانبارەکە بە ویستو ئارەزووی خۆی لە شاری سلێمانی دەسوڕێنەوە، ئایا ئەوە نەنگی نیە بۆ یاسا؟، لەمەودوا ئەم ناوەندانە کە هەڵوێست نانوێنن لە ئاست رووداویکی وا نزم و لێڵ کردنی شوناسی رۆشنبیری چ متمانەیەك، دەمێنت لە نێوان خەڵك و رۆشنبیر، ئایا ئەوان لەمەودوا دەتوانن ببن بە کاراکتەری گرنگی گۆڕانکاری و ئەم سنورە حەرامانە تێك بشکینن کە لەلایەن کەسانی ستم کارەوە هێڵکاری بۆ کراوە، بە داخەوە کە ئەم بی دەنگیە باڵی بەسەر ناوەندی رۆشنبیرییدا گرتووە، ناچار دەبین بیر لەوە بکەینەوە. قەناعەتی تەواویش بە خۆمان بهێنین کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەیەوێت تەسفیەی حسابی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانە بکات، کە رەخنە یان لە ئاکارو سیستەمی سیاسی ئەم حزبە گرتووە، پێ ناچێت ئەم سەرکردایەتیە لەگەڵ رەوتی گۆڕانکارییەکان و هاتنە کایەی سیستەمی نویی جیهانی پاشخانی عەقلیان و تێروانینە دۆگماییەکەیان گۆڕانکاری جدی بەسەر دا هات بێت، ئێمە قسەمان لە سەر ئەوە نیە وناشڵێین یەکێتی هەولی تێرور کردنی (حەمە سەعید) ی داوە، بەڵام ئەم پرسیارە جدیە دەکەین بۆ چی دەزگاکانی ئاسایش تاکو ئیستا غەفوری تۆمەتباریان دەستگیرنەکردوە ئا یا بۆیان ناگیرێت؟ئەی یەکیەتی پڕوپاگندەی ئەوەی نەدەکرد کەئەوان ێەدامیان دەسگیرکردوە توبلێی خولە پیزە ببوور غەفور لەێدام سەخت تربێت؟، هەروەها رووی دەمم لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمیشە، کە تاکو ئێستا چاوی پوشیووە لەم کارەی پۆلیسی سلێمانی، من ئەمە بە ئیهانە دەزانم بو رەوتی رۆشنبیری لە کوردستان و بە کەم سەیر کردنی نووسەران، دەبوایە یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ ئەم رووداوە دا لاپەڕەیەکی نوێی لەگەل (حەمە سەعید) بکردبایەوە و ئەو کسانەی خۆیان لە بورجی عاج دادەبینن و بەردەوام جانتای سەفەری نوینَەرایەتی رۆشنبیرانیان لە شانە لە سەر حسابی نووسەران ئەم شارو ئەم شار دەکەن، کەمێك رێزیان بۆ ئەو شوناسە دانابا، کە ئەوان هەڵگرینی، وە ئەم خمەیان بۆ رۆژنامە نوسێکی پەراویز کراوی وەکو من جی نەهشتبوایە.